# مومتاز حەیدەری , هەڵەبجەت پێ کەمە ؟!

بلّند نەورەس
Blnd_ma@yahoo.com

لە رۆژی 3/16 کاتێك هەموو شاری هەولێر  بە خامۆشی و بە خەمباری و بە بێدەنگی بۆ گیانی شەهیدانی هەڵەبجە راوەستابوون کە گوزارشتێکە بۆ وەفاو ئەو رۆژە رەشەی کە بوو بە هۆکاری لەدەستدانی پێنج هەزار رۆڵەی هەڵەبجە بە پیاوو ژن و منداڵەوە , ئەو رۆژانەی کە ئەمرۆی دروست کردوو کەسانێکی وەك مومتاز حەیدەری نانی پێوە ئەخۆن کەچی ئەم زاتە ئامادە نەبوو تەنها ساتێك نەك پێنج خولەك بۆ ئەم یادە بوەستێت لەکاتێکدا کە سەرجەم خەڵکی هەولێر بە دوکاندارو شۆفێر و خاوەن بەرژەوەندی و کەسانی بەرپرس و قوتابی و گەنج و پیر و منالْ و ژن و پیاوەوە بۆ ئەم یاد و کارەساتە جەرگ برە وەستایوون , بەلاّم کاك مومتاز ئۆقرەی ماتەمی نەگرت لەکاتێکدا کە بە ئۆتۆمبێلە تایبەتییەکەی خۆی گەشیتە لای ئامادەیی بەرزانی نەمری کوران کە سەرجەم خەڵکی گەرەکی ئازادی وەستابوون بۆ ئەم یادە و لەکاتێکدا کە پاسەوانی بارەگای مەکتەبی ناوەندی رێکخراوە جەماوەرێکان ی پارتی دیموکراتی کوردستان داوای لە مومتاز حەیدەری کرد رابوەستێت بۆ ئەم یادە بەلاّم بەداخەوە بۆ ئەو زاتە لەجیاتی هەست کردن بە بەرپرسیارێتی ئەو میحنەتەو گەرانەوەی وەفایەك بۆ ئەو شەهیدانە کەچی زۆر بێشەرمانە رێرەوی رۆشتنەکەی بە ئوتۆمبێلەکەی گۆریو بە رێگایەکی تردا رۆشت !!!

ئەمە نمونەی ئەو نوسەرو رۆشنبیرانەن کە لەمپەرن لەبەردەم زۆر کار و ئاکاری ئەم ولاّتەدا نمونەی رەخنەگرێکی دەسەلاّتە نمونەی داواکارێکی مافی خەڵکە بە پاساوی رێزنەگرتن و ئازادی و ژیان !!!

سەیرە کاك ممتاز ئامادەیی پێنج خولەکی نەبێت راوەستێت بۆ هەڵەبجە ئەی ئیتر لەمەودوا بە چ رۆحیەتێکەوە گوێی بۆ راگرین !

ئاخ لەو دوو فاقیە ئاخ لەدەست قسە زلەکان کە هەڵەبجەو شێوەکانی هەڵەبجە ئەکەنە مەبەستێك بۆ  مەرامی تایبەتی خۆیان .

ئەمی رۆژنامەنووس و رۆشنبیری پلە مومتاز جەوهەری خۆتت ناساند کاك ممتاز !!!